ماوەی چوار ڕۆژ ڕۆژنامەنووس ئەحمەد شامکی بەبێ بڕیاری دادوەری لە ئامێدی دەستگیرکراوە



ماوەی چوار ڕۆژ ڕۆژنامەنووس ئەحمەد شامکی بەبێ بڕیاری دادوەری دەستگیرکراوە.

دەزگای میدیایی حکوومەتی هەرێم ڕایگەیاند، ئەحمەد شامکی پێیامنێری دەزگاکەیان لەشارچکەی شێلادزێ لەسنووری پارێزگای دهۆک لەسەر ئاشکراکردنی دەسپێکی گەندەڵی دەستگیرکراوە لە بەندیخانەیەکی ئامێدی بەندکراوە.

ئەم دەزگایە کە ڕۆژنامەنووس ئەحمەد شامکی وەک پێیامنێر کاری لەگەڵ دەکات ڕایگەیاند، لە ڕۆژی چوارشەممەی ڕابردوو 26ـی حوزەیران، پێیامنێری دەزگاکەیان ئەحمەد شامکی بەهۆی هەوڵی ئاشکراکردنی دەسپێکی گەندەڵی پێیوست بە فرەشتنی زەوی و یەکێک لە شەقامە سەرەکییەکانی شێلادزێ لەلایەن هێزە ئەمنییەکان دەستگیرکراوە و گواستریەوە بەندیخانەیەکی قەزای ئامێدی.

هەروەها لە هەواڵنامەیەکدا هاتووە کە ڕۆژنامەنووس ئەحمەد شامکی پێش دەستگیرکردنی هەڕەشەی لێکراوە لەلایەن بەرپرسانی ئەو ناوچەیە لەهۆی ئاشکراکردنی فرەشتنی یەکێک لە زەویەکان، دواجار ڕۆژی چوارشەممە دەستگیرکرا و گواستراوەتەوە بۆ بەندیخانەیەکی ئامێدی.